# ڕاگەیاندنی دەستەی داكۆكی لەداخوازیەكانی جەماوەری كەركوك سەبارەت بە : گفتوگۆی نوێنەرانی دەستە لەگەڵ پارێزگاری كەركوك بۆ چارەسەركردنی كێشەی سوتەمەنی و كارەباو كارە خزمەتگوزاریەكان

ئەمڕۆ ڕێكەوتی 8/13 2006 وەفدێكی دەستە كەپێكهاتبو لە حەوت كەس كە بەڕێزان ڕەمەزان سابیر ، محەمەد عەزیز ، ئازاد مەجید ، موەفەق حوسێن ، ڕەمەزان سالح ، عەدنان مەجید و شێرزاد فیتەر لەگەڵ بەڕێز عەبدولرەحمان مستەفی پارێزگاری دانیشتن بۆ تاووتوێ كردنی كێشەی نەبوونی سووتەمەنیو كارەباو كارە خزمەتگوزاریەكان ، پاش قسەو باسێكی زۆر گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كەئێمە لەو گەڕەكانەی كە نوێنەرایەتی ئەكەین یان ئیمكانی كۆنترۆڵكردتی هەیە لەلایەن ئێمەوە نوێنەری گەڕەكەكان پێك بهێنین و بەهاوكاری پۆلیس بەشێوەیەكی یەكسان پێویستیەكانی خەڵك لە سوتەمەنی دابەش بكەین . هەر بۆ ئەم مەبەستە بڕیار وایە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو لەگەڵ بەڕێوەبەری داهاتە نەوتیەكانی كەركوك و بەڕێوەبەری غازی شیمال وەبە ئامادە بوونی پارێزگاری كەركوك كۆببینەوەو بەشێوەی كۆتایی بەیانی ئەم ڕێككەوتنە بكەین . وەبەمەبەستی هاوكاری پۆلیس لەگەڵ ئێمەدا سبەینێ وەفدی دەستە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی كەركوك لەگەڵ بەڕێز لیوا شێركۆدا كۆئەبێتەوە .

شایانی باسە بەڕێزان لیوا شێركۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی كەركوك و عەقید خەتاب بەڕێوەبەری گشتی تەواری كەركوك ئامادەی دانشتنەكە بوون .

**دەستەی داكۆكی لەداخوازیەكانی**

**جەماوەریشاری كەركوك**

2006/8/13